# نامەی ئەوین گۆڕینەوەی
# ڕێنیه ماریا ریلكه و مارینا تسڤیتایڤا




**بێریڤان جەمال حەمە سەعید**

لە سایتی دەنگەكان* ( 2007-10-22) بابەتێكی ناسك سەبارەت بە ڕێنیە ماریا ریلكە..(شاعیرك گوڵ دەكوژێت)

لە لایەن بە ڕێز زمناكۆ بورهان قانع بلاوكراوەتەوە. سەرەرای ئەوەی ئەم بەرێزە خاوەنی قەڵەمێكی بە برشتە بە لام لە نوسینەكەیدا چەند هەڵەیەكی لە سەر نامە گۆڕینەوەی نێوان شاعیر ڕێنیە ریلكە و ژنە شاعیری ڕووسی مارینا كردووە كە ناتوانم بێ دەنگ بم. بە گوێرەی ئەو زانیاری و خوێندنەوەیەم لە سەر ڕێنیە و مارینا و، هاوكات ئالۆگۆڕ كردنی نامەكانی ئەم دوو داهێنەرە، لە لام نەنگ بووە كە بە هەڵە زانیاری دەربارەی ئەم دوو شەیدایە بلاو بكرێتەوە هەڵبەت هەڵەكانیشی ئاوەژووكردنەوەی هەندێك راستییە، هیوام وایە بە دڵفراونیەوە ئەم راستكردنەوەیم لێ وەرگرێت.

بەرێز زمناكۆ دەڵێ: <u>شاعیر لە دوای خۆكوشتنی هاوڕێكەی ( ژنە شاعیری روسی مارینا تسڤیتایڤا) هەستكردن بە تەنهایی و گۆشەگیری و تێكشكاندن لە پێشووتر پەرێشانتری دەكات و قەسیدەیەك بۆ هاورێ خۆكوشتوەكەی دەنوسێت و تێدا دەڵێت:</u>

<u>ئێمە شەپۆلین</u>

<u>مارینا دەریا،</u>

<u>ئێمە قولایی گەڕاوین بۆ ئاسمان</u>

لەم چەند دێرەدا زانیارییەكان نەك هەر هەڵەو نادروستن، بەڵكو لە دەرەوەی لۆجیكیشدایە . چونكە ساڵی كۆچی دوایی شاعیر ڕێنیە ماریا ریلكە 29 ی دیسمەبەری 1926. و خۆكوشتنی ژنە شاعیری ڕووسی لە 31 ئەگستوس 1941 دایە . ئایا دەكرێ شاعیرێك كە لە گۆڕدا بێ و ئێسك و پروسكی نەمابێ و مەرگی 15 ساڵ پێش مەرگی ژنە شاعیری خۆشەویستی بێ ، گۆشەگیری و هەستی تەنهایی و تێكشان پەرێشانتری بكات! ئایا مردو لە گۆڕدا هەستی گۆشەگیری و تەنهایی دەبێ ! تا لە دوای مردنی ئەوینەكەی ئینجا توشی هەرەس و ڕوخاندن بێ!

هەڵەی دوەمی هەر لەم بەشەدا دەڵێ قەسیدەیەك بۆ هاورێ خۆكوشتووەكەی دەنووسێت و تێدا دەڵێ: ئێمە شەپۆلین، مارینا دەریا , ئێمە قولایی گەڕاوەین بۆ ئاسمان!!

لێرەشدا دوبارە زانیاریەکە نەك هەر نادروستە بەڵکە خاڵیە لە لۆژیك  چونکە یەکەم ئەم دێرە هۆنراوەیەی کە ئەم بەڕێزە ئاماژەی پێداوە شاعیر ڕێنیە لە  8 ی **جوونی** ساڵی 1926دا نامەیەکی پڕ  سۆز بۆ هاوڕێ نەبینراوەکەی مارینا دەنووسێ و لە نامەکەیدا دەڵێ ئەمڕۆ هۆنراوەیەکەم لە نێو دارەمێوەکان بۆ نووسیت ئەم دێرەش کە ناوی بردوە، دێرێکە لە هۆنراوەی. Elegie  .

بە مانایەکی دی ژنە شاعیری ڕووسی  هێشتا لە ژیاندا بووەو بە هیوای بە یەك گەیشتن و چاوپێکەوتنی یەکتری بوون، نەك  بڵێین شاعیر ڕێنیە  بە هۆی خۆکوشتنی هاوڕێیەکەی ئەم شعیرەی داناوە!

لێرەوە دەکرێ بڵێین  سەرەتای یەکترناسینی ئەم دوو داهێنەرە لە ڕێگای نامەوە دەگەرێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە شاعیر و ڕۆمانووسی گەورەی ڕووسی بۆریس پەستەرناك لە 12 ی ئەپرلی 1926 نامەیەك بۆ شاعیر ڕێنیە ماریاڕیلکە دەنووسێت و تێیدا بە سەر ژنە شاعیری رووسی هاوڕێیدا هەڵئەداو پێشنیاری بۆ دەکات کە ئەو خانمە بناسێت و بە شیعرەکانی ئاشنا ببێت، هاوکات داوا دەکات کتێبێك لە بەر هەمی خۆی بە واژووی خۆیەوە بۆ بنێرێت .

ریلکەی شاعیر  لە دوای  خوێندنەوەی نامەکەی بۆریس دەستبەجێ نامەیەك و بەرهەمی خۆی (Duineser Elegien)بۆ مارییینا دەنێرێت، مارییینا لەو دەمەدا لە گەڵ دوومناڵەکەی بۆ گەشتی حەوانەوە لە   Saint Gilles دەبن

مارینا بە خوێندنەوەی نامەکەی ریلکە کە لە 3 مانگی مەیی دا  1926 نوسرابوو،   هەست و جۆشێکی تایبەتی لا دروست دەبێ و،  بە گەرمییەوە لە 9 مانگی مەیی 1926دا وەڵامی نامەکەی ڕیلکە دەداتەوە.  ئەم ژنە شاعیرە ڕووسیە لە ساڵی 1892 لە مۆسکۆ لە دایك بووە. لە تەمەنی 14 ساڵیدا دایکی بە نەخۆشی سیل کۆچی دوایی کردووە . لە بەر نەخۆشی بریار دەدەن لە دەرەوەی ڕوسیا بژین. شاعیری ناودار ریلکە لە پراگ لە 4 ی دیسمبەری 1875دا دێتە ژیانەوە و،  فەلسەفە و بیروبۆچوونی نیچە و شۆپنهاوەر لە جیهانی داهێنانی ریلکە ڕەنگی داوەتەوە . ئەم  شاعیرە ناودارە جیا لە وەی سەر قاڵی شیعر و کاری وەرگێران بووە ئارەزوویەکی زۆریشی لە نووسینی نامەدا هەبووە بە تایبەت لە گەڵ ئەو ژنانەی پەیوەندی ئەوینی هەبووە.

دوای گۆڕینەوەی یەکەم نامەی نێوان ئەم دوو داهێنەرە بە بێ ئەوەی چاویان بە یەک کەوتبێت، هەستی سۆز و ئەوین دروست دەبێ و تا دێت تینی ئەو ئەوینە بۆ یەکتر زیاتر دەبێ و، ئەو شەیدایی و خۆشەویستییە لە هەڵبەست و نامەکانیادا رەنگ پێ ئەدەنەوە . گەر چی هەردوکیان لە شوێنی جیاوازدا دەژیان و ڕێنیە ماریا ریلکە هەمیشە لە سەفەر بوو،  مارییینا لە نامەیەکیدا پێشنیار دەکات کە لە شوێنێك یەکتر ببینن بە و هیوایەی خۆشەویستییەکە چی تر تەنها  ووشە و لە ڕێی نامەوە نەبێت بەڵکو ڕوو بە ڕوو بگەنە یەک. لە مانگی  مەیەوە تا مانگی ئەگوست بە بەردەوامیی نامە بۆ یەکتر دەنێرن، بەڵام رێلکە دوا نامەی لە 19 ئەگوست دەنێرێت،مارینا لە نەبوونی هەواڵ و نەبوونی وەڵامنامەی رێنیە تێناگات ، مارینا  هەستی  نادڵنیای تەنگی پێهەڵدەچنێت دووبارە  لە 22 ئەگوست نامەیەکی پڕ ئەوین دەنووسێ و باسی شوێنی ژوان و دەربڕینی خۆشەوسیتی خۆی دەکات.  هەستی ئەوینی خۆی بە چەشنێك دەردەبڕێ کە  دەڵێ من ژیانی تۆم، ڕووسیای تۆم، گەر دەتەوێ بمبینێیت دەبێت واقیعەت بهێنتە دی هەر تۆ ئیشارەتم پێبدا  من دوای دوو هەفتە دەگەمە لات، بەڵام زوو پێم بڵێ و زوو وەڵامم بدەرەوە تا کەسێک بۆ منالەکانم دابین بکەم، هەر لەم نامەیەیدا سکالای ژیانی پڕ نەهامەتی و نەبوونی و کاری گرانی  خۆی دەردەبڕێ ، کە لە ژیانیدا چ لە مۆسکۆ،چ لە پراخ، یان پاریس هەر کوێرەوەری بەشی ژیانی بووە. دیسانەوە وەڵامی ئەم نامەیەشی نابێ، دواجار لە 7ی نۆڤەمبەر کارتێکی بۆ دەنێرێ و ناونیشانە نوێیەکەی دەخاتە سەری و دەڵێ منت خۆش دەوێ؟

بەلاّم ئەم خانمە شەیدایە ئاگادار نیە کە خۆشەویستەکەی تووشی نەخۆشی (لۆکیمیای کوشندە) بووە بە چەشنێك لە پەل و پۆ کەوتووە و لە مردن نزیك بۆتەوە، مارینا هێشتا هیوا بڕ و نائومێد نەبووبوو هەر لە چاوەڕوانیی نامەی خۆشەوستەکەی بوو. لە 31 دیسەمبەری 1926 هاورێیەکی نووسەری میوانی دەبێ و بۆ گێرانی ئاهەنگی سەری ساڵی تازە لێی دەگێڕێتەوە و، ئینجا لەوێ هەواڵی مردنی خۆشەویستەکەی پێ رادەگەیەنرێت. گەر چی ئەم شاعیرە لە ژیانیدا بەرەنگاری دەربەدەریی و سووکایەتی و نەبوونی بۆتەوە بە چەشنێك کە تووشی تێکشاندن و گۆشەگیری دەکات . چەند جارێك مەیلی خۆکوشتنی بە سەر زاڵ بووە و بەلام لە دەستدانی ئەم هاورێیەی کە شەیدای بووبوو کارەساتێکی زۆر دڵتەزێن و سەخت دەبێ، ڕۆژی 31 ئۆگەستی 1941 بە پەتێك خۆی هەڵدەواسێ و کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت.

http://www.dengekan.com/doc/2007/10/zmnakoBurhan23.pdf

ئەمستردام، 2007-11-8